کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3-6-2007 23:51

## بۆ بەرلین؟ ... ئاراز عبدالرحمن

دیارە دەسپێکی ڕۆژنامەگەری کوردی دەگەڕێتەوە بۆ دەرچونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لەسەر دەستی میقداد مدحت بدرخان کە ئەمە بوو بە شوعلەیەك بۆ داگیرسانی ڕۆژنامەگەری کوردی کە ڕێچکەیەکی دروست کرد تائێستا ئەو ڕێگایە بەردەوامە، وە یەکێك لەوچالاکیانەی کە لە دوای ڕاپەڕینەوە دەدرێت بۆ یادی ئەو ڕۆژە فیستڤاڵی بەدرخانە کە لەلایەن دەزگای بەدرخان هەموو ساڵێك لە 22ی نیسان دا سازدەدرێت وە تیایدا چەندین ڕۆژنامەنوسی سەرکەوتوی کورد خەڵات دەکرێن!!!.. لێرەدا قسەلەسەر ئەوە ناکەم کەئایا تائێستا ئەم فێستڤاڵە چەند بەرئەنجام و کاریگەری هەبووە یاخود نا ئەوە پرسیارێکەو پاشان دەکرێت.



ئەمساڵ یادی ڕۆژنامەگەری کوردی لە بەرلین سازدرا کە چەندین کەسایەتی بەشداربوون، ئەوەی دەبێت بە پرسیار ئەوەیە بۆ هەڵبژاردنی ئەم یادە بۆ بەرلین هەلبژێردرا؟ ئەو بوعدانە چی بوون لە پشت دیاری کردنی بەرلین بۆ ئاوها یادکردنەوەیەك؟ ئایا مەبەست لەمە ئەوەبوو کە بەرلین هەمیشە قەڵای فیکرو فەلسەفە و میدیای سەرکەوتووە؟ یان بەرلین پایەتەختی کاری ڕۆژنامەگەری جیهان بووە؟ ئایا بۆ ئەم یادە لە قاهیرە بەڕێوەنەچوو؟ یاخود بۆ جنیف دیاری نەکرا بۆ ئەم یادە؟ کە هەردووکیان سەرچاوەی دەرچونی ژمارەکانی کوردستان بوون.

ئامانە چەند پرسیار گەلێکن و چەندین پرسیاری دیکە لە زهنی ڕۆژنامەوانانی کوردی دا دروست بوون کە وەڵامەکانیان چەندین بیرو بۆچونی ڕەهەند جیاواز هەڵدەگرێت، وەك بینیومانە ئەم فێستڤاڵە ساڵانە کە کراوەتەوە نەیتوانیوە ئەنجامێکی باش بەدەست بێنێت و نەیتوانیوە بەرهەمێك یاخود زیادەیەك یان ئەفراندنێك بخاتە سەر کتێبخانەی کوردی بەتایبەت ڕۆژنامەگەری کوردی، جگەلەوەی تەنها خەڵاتی چەند ڕۆژنامەنوسێکی حزبی کراوە کە بە ئیستحقاقاتی حزبی ئەو خەڵاتەی وەرگرتوە.. هیچی دیکەی نەکردوە، ئەم ساڵ کە لە دەرەوەی کوردستان ئەم یادە بەڕێوەچوو دەکرا بەرئەنجامێکی هەبێت، بەڵام ئەوە مانگێك بەسەر ئەم یادەدا تێپەڕیوە تا ئێستا هیچ بەرئەنجامی ئەو یادەمان بەرچاو نەکەوتوە، نالێم بۆ ئەم یادەتان لە کەرکوك یان لە خانەقین یان لە جێگەیەکی تری کوردستان بکردایەتەوە بەڵام کەلە دەرەوە ئەم یادەتان کردەوە بۆ لە قاهیرە نەبوو؟ کە یەکەم ژمارە کوردستان لەوێ لەدایك بووە؟ وە هەروەها بنەماڵەی بەدەرخانیەکان تا ئێستا لەوێ نیشتەجێن بەمەش بەشداریەکی بەرچاویان لەو یادەدا دەبوو، وە یان بۆ لە جنێف ئەو یادەتان نەکردەوە کەزۆرێك لە ژمارەکانی کوردستان لەوێ دەرچوون، هیچ نەبوایە با ئەم فێستڤاڵەی ئەم ساڵتان تەرخان بکردایە بۆ دۆزینەوەی ئەو ژمارە ونبوانەی ڕۆژنامەی کوردستان کە تا ئێستا نەدۆزراونەتەوەو نازانرێت لەکامە کتێبخانەی ئەم گێتیەدا لە قوشبنێکدا دانراون، پاشان کە دەگەڕانەوە ئێمەش تۆزێك شادومان دەبوین بەوەی ئیستنتاجێکتان هەبووە... ئەمانەو چەندین پرسیاری دیکە کە دڵنیام ئەنجامەکەی ئەوەیە کە ئەمساڵ تەنها بۆ گۆڕانی ئاووهەوا ئەم یادە لەوێندەرێ کراوەتەوە ئەگینا بۆ چەندین کەس لەو یادەدا بەشداربوون هیچ پەیوەندیەکیان بە ڕۆژنامەگەرییەوە نیە؟ یان بۆچی چەندین کەسی پسپۆڕو شارەزا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەیە لە بوارەكەدا كە دڵنیام هەر پرسیشیان پێنەكراوە چجای ئەوەی دەعوەتبكرێن، هیوادارین چیدی كابیەكانی میدیا با لەلایەن چەند كەسێكەوە قۆرغ نەكرێت كە تەنها ڕۆژێك لە ژیانیاندا كاری ڕۆژنامەوانیان نەكردووە با ئیدی ڕۆژنامەگەری كوردی بتوانێت شەقاوێك بنێت بەڕوی ڕۆژنامەی ئاكتیف و سەركەوتودا باچیدی ڕۆژنامەگەری كوردی بەودەردەی ئێستامان نەچێت كە لەماوەی سێ ساڵی ئازادی دا ڕۆژنامەكانی بەغداد بەو حاڵەشیانەوە كەهەیە زۆر هەنگاویان هاویشت بەڵام ئەوەی لەمەڕخۆمان لەماوەی پانزە ساڵی ئازادی دا تەنها لە جێگەی خۆی هەروەلە دەكات، كە تەنها هۆكاریش ئەوەبوە كە بەشێكی ڕاگەیاندن حزب قۆرغی كردووە و بەشێكی دیكەشی كادرەكانی ڕاگەیاندن لەسەر بنەمای مەحسوبیەت دادەنرێن نەك لەسەر بنەمای پرۆفیشناڵی، هیوادارین ئێمەی كورد بتوانین ئەو ئاستەنگانە تێپەڕێنین و ڕۆژنامەگەری كوردی بەڕاست بكەین بە دەسەڵاتی چوارەم، وەباشتر وایە دەزگای بەدرخان بۆ یادركدنەوەی ساڵانی داهاتوو چەندین كەس دیاری بكرێت بۆ ئەنجام دانی لێكۆڵینەوە و بەدواداچوون بەمەرجێك لەڕوی كاتەوە ماوەیەكی زۆریان لەبەردەست دابێت هیچ نەبێت نزیكەی ساڵێك پاشان ئەو لێكۆڵینەوەی لە چوارچێوەی كتێبێك یاخود نامیلكەیەك بە چاپ بگەیەنرێت و ئیدی ڕۆژنامەگەری كوردی دەتوانێت سودمەنبێت لێیان نەك وەك ئەو لێكۆڵینەوانەی كە ئێستا پێشكەش دەكرێن كە بەچەند ڕۆژێك پێش یادەكە نوسەری بابەتەكەی ئاگادار دەكەیتەوە بەمەش ناتوانێت لێكۆڵینەوەیەكی باش پێشكەش بكرێت وە هەروەها ئەندامانی فێستڤاڵیش بەدەم وەنەوزەوە نەتوانن سودمەندبن لەو بابەتە.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.